ئەعرەجی: حکومەت ڕێگە نادات خاکی عێراق ببێتە شوێنی هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ



ئەمڕۆ چوارشەمە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی قاسم ئەعرەجی تێئکیدیکردەوە: حکومەت ڕێگە نادات خاکی عێراق ببێتە شوێنی هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ یان هەر وڵاتکی دیکە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە بەغداد لەگەڵ غولام حسێن موحسینی ئیژەیی سەرکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران کەبووەوە.

ئاشکراشیکرد: لە کەبوونەوەکەدا پێداچوونەوە بە پێوەندییە مێژوویەکان کرا کە هەردوو وڵات کەدەکاتەوە و جەختکرایەوە لەسەر گرنگی بەردەوامبوون لە بەهێزکردنی هاوکارییەکانی نێوان بەغدا و تاران لە هەموو ئاستەکاندا.

بەپێی بەیاننامەکە، ئەعرەجی تێئکیدیکردەوە: کە ئاسایشی عێراق و ئێران یەکە، هێروهها حکومەتی عێراق سورە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنیی نێوان هەردوو وڵات، و وتیشی: هەردوو وڵات بەردەوامن لە کارکردن بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنە ئەمنییەکە.

ئەعرەجی، جەختیشیکردەوە: لەسەر گرنگی کارکردن بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە لە ڕێگەی هاوکاریی هەردوو وڵات لە یارمەتیدانی ئێوانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، و

دووپاتیشیکردەوە: کە حکومەتی عێراق ڕێگە نادات خاکی عێراق ببێتە شوێنی هەڕشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ یان هەر وڵاتێکی دیکە، و وتیشی: هەوڵستی عێراق جێگیرو ڕێتکردنەوە و ئیدانەکردنی کوشتنی خەڵکی بێتاوانە لە کەرتی غەزە.

لای خۆیەوە سەرکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران جەختی لە گرنگی هەماهەنگی هەردوو وڵات لە پێناو هەموو لایەکدا کردەوە، و تێئکیدیشی لە پێویستی هەوڵدان بۆ گۆیشتن بە ئاسایشی بەردەوام کردەوە بۆ شۆیەك کە بەرژەوەندییە هاوبەشکانی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بەدەستبهێنێت.